# لەکەلەکەدار کردنی مامۆستایانی شوێن کەوتەی سەلەفی صالح – پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی رضي الله عنهم نیشانەی ئەهلی بیدعەیە

سەرنووسەر

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

قورئان وسوننەت پێویستیان کردووە کە رێزی مامۆستایانی شوێن کەوتەی سەلەفی صالح بگرین و بەئەدەب بین بەرامبەریان، وە هەر بە باش باسیان بکەین، وەهەر کەس بەخراپ باسیان بکات ئەوە دیارە یان دڵ نەخۆشە، وەیان لە سەر رێبازی سەلەف نییە، چونکە ئەدەبیش بەشێکە لە عەقیدەو مەنهەجی سەلەفی، هەر لەبەر ئەوە دەبینین زانایان لە کتێبە عەقیدەیەکاندا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە:

ئیمامی الطحاوي لە (العقيدة الطحاوية) دا فەرموویەتی:

**(وعلماء السلف من السابقين ومن بعدهم من التابعين أهل الخير والأثر، وأهل الفقه والنظر لايذكرون إلا بالجميل، ومن ذكرهم بسوءٍ فهو على غير السبيل )).**

وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی:

(( ليس منا من لم يرحم صغيرنا ويوقر كبيرنا، ويأمر بالمعروف وينه عن المنكر ويعرف لعالمنا حقه))(1).

واتە: لەئێمە نییە ئەوکەسەی کە رەحم بە بچوکمان نەکات، وە رێز لە گەورەمان نەگرێت، وەفەرمان بەچاکە نەکات، وە نەهی لە خراپە نەکات، وە رێزی زانامان نەزانیت .

کەواتە رێز نەگرتنی ئەهلی عیلم تاوانی گەورەیەو دەرچونە لەرێبازی سەلەف" چونکە رێزگرتنی ئەهلی عیلم لەسوننەتە وەك ئیمام تاووس بن کیسان (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی:

( من السنة أن يوقر أربعة: العالم، وذو الشيبة، والسلطان، والوالد )(2)

---

(1) سنن الترمذي (١٩٨٦) . وله شواهد.

(2) شرح السنة للبغوي ( ١٣/ ٤٣).

بەڵكو لەوەش زیاتر ڕێزگرتنی ئەهلی عیلم لەبەر خاتری عیلم و مەنهەجە پاكەكەی ڕێزگرتن وبەگەورەدانانی خوای گەورەیە . وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی:

( إن من إجلال الله تعالى: إكرام ذي الشيبة المسلم، وحامل القرآن غير الغالي فيه ولا الجافي عنه، وإكرام ذي السلطان المقسط)[٣]

بەڵام ئەمڕۆ هەندی لە نەفامان وهەندێكیش لە دڵ نەخۆشەكان ڕێزگرتنەكەیان بریتی‌یە لەگەڕان بەشوین زەللەی بانگەوازكارانی سەلەف و بڵاوكردنەوەی بەناو خۆشەویستەكانیان و غەیبەت كردنیان، وە بگرە بوهتان بۆ كردنیشیان پەنا بەخوا. وە واش دەزانن بەمە دیفاع لە مەنهەجی سەلەف دەكەن (أفمن زين له سوء عمله فرآه حسناً) (ويحسبون أنهم يحسنون صنعا)!!.

**لە نیشانەكانی هاتنی فیتنە،**
**تانەدانە لە پێشەوایانی ئەم ئوممەتە:**

شێخ عبدالرحمن اللويحق دەفەرموێ: لە سەرەتاكانی سەرهەڵدانی فیتنەو نیشانەكانی هاتنی فیتنە تانەدانە لە پێشەوایانی ئەم ئوممەتە، واتە كە بیستت مامۆستایانی شوێن كەوتەی سەلەفی صالح لەكەدار دەكرێن و بە خراپ باس دەكرێن، ئەوە بزانە كە دەرگای فیتنە كرایەوەو ناكۆكی ودووبەرەكی و كێشە دەكەوێتە ناو موسڵمانانەوە. وە بۆ دڵنیاییش لەم قسەیە سەیری ئەو فیتنەیە بكە كە لە نێوان سەحابەكاندا پەیدابوو، سەرەتاكەی لەوەوە بوو كە قسە بە هەندێكیان دەكراو لەكەدار دەكران. ڕەزای خوایان لێ بێت. كەواتە وریابن ئەی ئەهلی سوننە ڕەحمەتی خواتان لێ بێت. بڕوانە (القواعد في التعامل مع العلماء).

**لەكەدار كردنی مامۆستایانی سەلەفی سیفەتی ئەهلی بیدعەیە :**

وە پێویستە بزانن كە لەكەدار كردنی مامۆستایانی سەلەفی– بانگەواز كارانی ڕێبازی پێغەمبەر(ﷺ) – ئەم لەكەدار كردنو تانەلێ دانە پیشەو سیفەتی ئەهلی

---

(٣) أبو داود ( ٤٨٤٣ ) حسنه الذهبي وابن حجر والعراقي والأرناؤوط، وانظر: (صحيح الجامع الصغير:١/٢١٩٩).

بیدعەیـــــە، وەك زانایـــــانی ســــــەلەف ئیشارەتیان بۆ ئەو ڕاستیەیە کردووە:

١–زانای پایەبەرز الشيخ عبـدالطیف آل الشیخ فەرموویەتی:

[ ومن عادة أهل البدع إذا أفلسوا مـن الحجة، وضاقت بهم السبل تروجوا بعيـب أهل السنة وذمهم ومدح أنفسهم ﴾.

واتە: لە عادەتی ئەهلی بیدعە ئەوەیە کە ئەگەر ئیفلاسیان کرد لـە بەڵگـە، واتـا کـە بەڵگـەیان پـێ نـەماو هـیچ مـەجالیان نەما، وە خەریك بوو بیدعەکانیان کەشـف بـنو خـەڵك بـۆی دەرکـەوێت کـە ئـەوان ناحـــەقن، وە ئــەهلی ســونەت لەســـەر حەقن، لەوکاتەدا پەنا دەبەنە بەر عەیبدار کردنـی ئـەهلی سـونەت و زەم کردنیـان. وە مـەدحی خۆیـان دەکـەن بـۆ ئـەوەی خەڵکی شوێن ئەهلی سوننەت نەکەوێت و واز لەوان بهێنێت!!

٢-أبوحاتم الرازي (إمام الجـرح والتعـديل) فەرموویەتی:

**( علامة أهل البدع الوقيعةُ في أهل الأثر).**

واتە: نیشانەی موبتەدیعـەکان ئەوەیـە کـە تانــەو تەشــەر دەدەن لــە ئــەهل و شوێنەواری سوننەت!!

٣–وە نوعەیمی کوڕی حماد فەرموویەتی:

(( إذ رأيت العراقي يتكلم في أحمد بـن حنبل فاتهمه في دينه، وإذا رأيت البـصري يتكلم في وهب بن جرير فاتهمه في دينـه، وإذا رأيت الخراساني يتكلّم في إسحاق بـن راهويه فاتهمه في دينه ))[٤].

واتە: ئەگەر کەسێکی عێراقیت بینـی قـــسەی دەکــرد بـــە ئیمـــامی ئەحمـــد وبەخراپە باسی دەکرد، ئەوا تۆمەت باری بکـە لـە دینەکەیدا. وە ئەگـەر کەسـێکی بەسرەت بینی قسەی دەکرد بە وەهـبی کوڕی جەریر وبەخراپە باسی دەکرد، ئەوا تۆمەت باری بکە لە دینەکەیدا، وە ئەگـەر کەسێکی خوراسانت بینی قسەی دەکرد بـە ئیسحاقی کـوڕی راهـوەی وبەخراپـە باسی دەکرد، ئەوا تۆمـەت بـاری بکـە لـە دینەکەیدا.

٤-وة أبو جعفـر الفـلاّس (إمام الجرح والتعديل) فەرمویەتی:

( إذا رأيت الرجل يقَع في أحمد بن حنبـل فاعلم أنه مبتدع ضال)

---

(٤) (تاريخ بغداد): ٣٤٨/٦

واتە: ئەگەر بینیت کەسێك قسەی بە ئیمامی ئەحمەد دەکرد وتانەو تەشەری لێ دەدا، ئەوا بزانە ئەو کەسە بیدعەچیەکی گومڕایە.

٥–وە أبو حاتم الرازی فەرمویەتی:

(( إذا رأيت الرازي وغيره يبغض أبا زرعة فاعلم أنه مبتدع ))

واتە: ئەگەر بینیت کەسێکی رازیانی ڕقی لە ئەبو زورعەیە ئەوە بزانە کە بیدعەچیە.

٦–وە ئەبو زورعە فەرمویەتی:

(( إذا رأيت الكوفي يطعن على سفيان الثوري وزائدة: فلاتشك أنه رافضي، وإذا رأيت الشامي يطعن على مكحول والأوزاعي: فلا تشك أنه ناصبي، وإذا رأيت الخراساني يطعن على عبدالله بن المبارك، فلا تشك أنه مرجيء، واعلم أن هذه الطوائف كلها مجمعة على بغض أحمد بن حنبل، لأنه ما من أحد إلا وفي قلبه منه سهم لا برءَ له))(٥) .

واتە: ئەگەر کەسێکی خەڵکی کوفەت بینی قسە دەکات بە سفیان الثوري و زائدة کوڕی قودامە، ئەوە گومانت نەبێت کە ڕافزیە، وە ئەگەر کەسێکی خەڵکی شامت بینی تانەو تەشەر دەدا لە مەکحول و ئەوزاعی، ئەوە گومانت نەبێت کە ناصبی یە، وە ئەگەر کەسێکی خوراسانیت بینی تانە دەدات لە عبدالله ی کوڕی موبارەك، ئەوە گومانت نەبێت کە مورجیئەیە.

وە ئەو گروپە موبتەدیعانەش هەموویان یەك دەنگن لەسەر ڕق بوونەوە لە ئیمامی أحمد چونکە هەر گروپەیان نەخۆشیەك لە دڵیدایە لە بیدعە کەچارەسەری نیە.

چونکە ئیمام ئەحمەد دژایەتی هەموو جۆرە بیدعەکانی دەکرد لەبەر ئەوە هەموویان ڕقیان لێی بوو .

وە بەم شێوەیەش ئەمڕۆ دەبینین کۆمەڵانی ئەهلی بیدعە بەزۆری ڕقیان لە شێخ ئەلبانیو شێخ مقبلو شێخ ڕەبیعە وە هەر کەسێکیش کە شوێن ئەوان بکەوێت چونکە ئەوان بە ئاشکرا عەیبو بیدعەکانیان ئینکاری کردووە .

وە مەبەست لێرەدا ئەوە نیە کە گومانمان وابێت کە مامۆستایانی شوێن کەوتەی سەلەفی صالح بێ هەڵەو تاوانن

---

(٥) (طبقات الحنابلة: ١/١٩٩-٢٠٠)

(واتە معصومون) نەخێر هەموو کەسێ جگە لە پێغەمبەر(ﷺ) هەڵەو تاوان هەر دەکات بەڵام پێویستە بپۆشرێت و بڵاونەکرێتەوە بۆ ئەوەی خراپەکاری بڵاو نەبێتەوە وەك لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە:

( **قورئان و سوننەت پێویستیان کردووە (هەڵەو تاوان و پێ خلیسکانی برواداران بپۆشرێت نەك بڵاوبکرێتەوە**)

بەڵگە لەسەر ئەم حوکمە شەرعیە:

١. خوای گەورە فەرمویەتی:

[إن الذين يحبونَ أَنْ تشيع الْفَاحشةُ في الذين آمنوا لَهم عذَاب أَلِـيم فـي الـدنيا والْآخرة والله يعلَم وأَنتم لَا تعلَمونَ].
[النور (١٩)].

واتە / ئەوکەسانەی حەزدەکەن خراپەی بڕوادارێك بڵاو بێتەوە بەناو خەڵکیدا جا خراپەکەی کردبێت یان تەنها بوهتان بێت بۆی کرابێت ــ ئەوە ئەو کەسانە سزایەکی زۆر بە ئێش و ئازاریان بۆ هەیە، لە دونیاش و لە دوا ڕۆژیش، لە دونیادا خوای گەورە سزای دەدات و پەردەی لێ هەڵ دەماڵێت وئابڕوی دەبات، وە لە دوا ڕۆژیش سزای دەدات بە ئاگر .

جا کە ئەم سزا توندە لەسەر کەسێك بێت و تەنها حەز بکات بە دڵ کە موسڵمانێك لەکەدار بێت و سومعەی بچێت و بە خراپ ناوی بڵاوبێتەوە . ئەی دەبێت سزای ئەوانە چۆن بێت کە دەگەڕێن شار بە شار بەدوای کۆکردنەوەی هەڵەی موسڵمانێکی عەیب نادیار ، بێگومان سزاکەیان گەورەترە، بەڵام بەداخەوە خۆیان غافڵن و هەست بە گەورەیی تاوانەکەیان ناکەن، شەیتان فێڵی لێ کردوون و سیفەتی مونافیقی لا ڕازاندونەتەوە بەناوی دیفاع لەمەنهەج[٦] .

٢. وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی:

---

(٦) وە زانایانی تەفسیر لە لێك دانەوەی ئەم ئایەتەدا فەرموویانە :

- ابن رجب (جامع العلوم الحكم): ( المراد إشـاعة الفاحشة على المؤمن المتستر **فيما وقع منه**، أو **أتهم به و هو برىء** )
- (ابن كثير في تفسيره): ( هذا تأديب لمن سمع شيئاً من الكلام السيء ، فقام بذهنه شيء و تكلم به، فلا يكثر منه، ولا يشيعه ولا يذيعه).

**( المؤمن مرآة المـؤمن، والمـؤمن أخـو المؤمن، يكف عنه ضـيعته، ويحوطـه مـن ورائه)**[(٧)]

واتــه: پێویــسته بــڕوادار بــۆ بــرای موســـڵمان وەك ئاوێنـــه وابێـــت كـــه جوانیەكانی نیشان دەدات بۆ ئەوەی دڵی زیاتر خۆش بێت بەچاكەكانی — نەك بڵێت تۆ هیچ چاكەت نییەو بیشكێنێت .

وەهـــەر عـــەیب و ناشرینیەكیـــشی تێدابێت نیشانی خۆی بدات بەئەدەبەوە بۆ ئەوەی خۆی چاك بكات — وەهــەروەها عەیبــەكانی كەشـف نـەكات لای خــەڵكی بەڵكو ئەگەر غەیبەتی كرا ئـەو دیفـاعی لێ بكات و عەیبەكانی بپۆشێت

٣. وە پێغەمبـــــەری خـــــوا(ﷺ) فەرمویەتی:

( یا معشر من آمن بلسانه ولم یفـض - یخلص - الأیمان الی قلبه: لاتغتابوا المسلمین، ولاتتبعوا عوراتهم، فإنه من تتبـع عـورات المسلمین، تتبع الله عورته، فیفضحه ولـو في جوف رحله)[(٨)].

واته ئەی كۆمـەڵی ئەوانـەی كەبـەزمان ئیمانیان هێناوەو بەڵام ئیمان نەچۆتە ناو دڵیانـەوە: غەیبـەتی موسـڵمانان مەكـەن، وە بەشـوێن عـەیب وعاریانـدا مەگـەڕێن، چونكە هەركەسێ بەشـوێن عـەیب وعـاری موســـڵماناندا بگـــەڕێت ئـــەوا خـــوای پەروەردگاریش بەشوێن عەیبەكانی ئـەودا دەگـــەڕێت و هـــەموی بۆخـــەڵك ئاشـــكرا دەكـــات و ســـوك و ڕیـــسوای دەكـــات و ئـابڕوی دەبـات ، ئەگـەر لـەناو ماڵكـەی خۆیشی دابێت .

وە ئیمام ( فضیل بن عیاض) فەرمویەتی: **(المؤمن یستر وینصح، والفاجریهتك ویعیر).**

واتــه بـڕوادار عــەیبی بـرای موسـڵمانی دەپۆشـــێت و ئامۆژگـــاری دڵـــسۆزانەی دەكات، بەڵام مرۆڤـی فـاجیر و خراپـەكار پەردە لەسەرعەیبی موسڵمانان لادەدات و عەیبـــداریان دەكـــات و ڕەخنـــەیان لـــێ دەگرێت .

(٧) (البخاري: الأدب المفـرد)، و(ابـو داود: ٤٩١٨)، وانظر: (صحیح الجامع الصغیر: ٦٦٥٦/٢) .
وەمانـای : یحوطه من ورائه: أي یحفظه و یصونه ویـذب عنه، ویدفع عنه من یغتابه أو یلحق به ضـررا ، ویعاملـه بالأحسان بقدر الطاقة والشفقة والنصیحة وغیر ذلك .

(٨) (الترمذي: ٢٠٣٣)، قال الشیخ الألبـاني : حـسن صحیح، وانظر: (صحیح الجامع الصغیر: ٧٩٨٥/٢).

کەواتە تۆ حەز دەکەیت لە بڕواداران بیت، یان لەکۆمەڵی فاجیر و بەدڕەوشتان؟! بڕوادار مەبەستی چاککردنی براکەیەتی کە توشی هەڵەبووە بۆیە هەڵەی بۆ دەپۆشێت و ناهێڵێت لەکەداربێت وە بەنهێنی ئامۆژگاری دەکات بەنەرم و نیانی و ئەدەب و حیکمەت و لەسەر خۆیی یەوە، بەڵام فاجیر هەدەفی چاك کردنی براکەی نییە، بەڵکو دڵ خۆشە بەوەی کەتوشی هەڵەبووە بۆ ئەوەی عەیبەکەی بڵاوبکاتەوە لای خۆشەویستانی لەکەداربێت و پێی بشکێت !!

( الناصح غرضه بالنصح إزالة عيب أخيه المؤمن الذي وقع فيه واجتنابه له، والفـاجر غرضه مجرد إشاعة العيب في أخيه، وهتـك عرضه، وإظهار مساويه للناس ليتنقص أخوه ويدخل عليه الضرر في الدنيا) .

کەواتە ئەو کەسانەی کە سومعە پارێزراون وعەیب پۆشراون وتاوانی بە ئاشکرا ناکەن، ئەوانە ئەگەر توشی زەللەیەك ببن یا هەڵەیەك یان تاوانێك بکەن – ئەگەر تاوانی گەورەش بێت!– ئەوە دروست نىیە باس بکرێت و لەکەدار بکرێت، بەڵکو پێویستە عەیبیان بپۆشرێت . بەڵام ئەو تاوانبارانەی کەبەئاشکرا تاوان دەکەن، بێ شەرمانە سنوری خوا دەبەزێنن ئەوانە ڕێزیان نىیەو باسکردنیان بە مەبەستی شەرعی غەیبەت نىیە، بروانە

( جامع العلوم الحكم ٢/ ٢٨٢، ٢٨٣ )

کەواتە پێویستە کاتیك کە شتێکی نارێك دەبیستیت یادەبینیت لە برایەکی کە لە خۆی گەورەترە یان بە چاك و باش ناسراوە، پێویستە گومانی خراپی پێ نەبات، بەڵکو پێویستە لای خۆی عوزری بۆ بهێنێتەوە و بە باش بۆی تەفسیر بکات . نەك بەپەلە بێت لە وەی زەللەیەك لە براکەی بگرێت بۆ ئەوەی لای خەڵکی باسی بکات تاوەکو براکەی بشکێنێت لە پێش چاویان و ئەو شوێنی بگرێتەوەو خۆی بەرز بکاتەوە. واتە بەزمانی حاڵی دەڵێت خەڵکینە فلانەکەس کەلاتان بەڕێزە سەیر کەن چ هەڵەیەکی گەورەو لادانێکی خەتەری کردووە، بەڵام من وەکو ئەو نیم، کەواتە (من) نەك (ئەو)!!. ئەم شێوازەی نیشانەی خەلەلە لە ئیخلاسدا.

وه ئەگەر ئەو کەسە ڕاست دەکات و مەبەستی ئیسلاح و چاکەیە لە ئامۆژگاریدا ئەوە:

١- نابێت پەلە بکات لە ڕەخنەگرتن پێش دڵنیا بوون و تەئکید کردن .

٢- پێویستە مەبەستی ئیصلاح بێت، نەك مەبەستی: شکاندنی مامۆستایەك و خودی ڕەخنەگرتن بێت لێی، یان دەرخستنی خۆی بێت.

٣-وە ئەو نیەتە پاکەش لە کردارو مامەڵەو هەڵسوکەوتیدا دەرکەوێت، واتە ڕەوشت و هەڵسووکەوتی شاهیدی بدات کە مەبەستی ئیصلاحە نەك شکاندن و بوهتان بۆ کردن .

٤-دورکەوێتەوە لە ڕەخنەگرتن بە هۆی (لازم القول أو الفعل ) واتە: نەڵێت قسەی فلان مامۆستایە ئەوە دەگەیەنێت، یان ئەومەبەستە خراپەی لێ وەردەگیرێت .

٥-وە نەگەڕێت بەدوای هەڵەکانیدا بۆ ئەوەی چەند خاڵێك كۆ بکاتەوە بۆ شکاندنی وەك دوژمنێك کەلە (مەحکەمە) بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە دەدا بەرامبەرەکەی تاوانبار بکات و قسەی خۆی سەر بخات. کە مرۆڤ ئەوابوو ئەوە بزانە بەڵگەیە لە سەر نیەت پیسی .

## مافەکانی مامۆستایانی ئەهلی سوننە لەسەر موسڵمانان و هەڵوێستی شەرعی بەرامبەر پێ خلیسکانێك کە توشی دەبن

لە بەڵگەکانی پێشەوە بۆمان دەرکەوت کە:

هەموو موسڵمانێك پێویستە گومانی باشی پێببرێت و عەیبی بپۆشرێت، تەنها دوو جۆرە کەس نەبن:

یەکێکیان: کەبەئاشکرا بەدڕەوشتی و تاوان بکات (المجـاهر بفـسقه) ئەوان حورمەتیان نىیە.

دوەمیان: بیدعەکاران نابێ بیدعەکەیان بپۆشرێت، بەڵکو پێویستە خەڵکی وریا بکرێنەوە لە بیدعەکاران، بەڵام ئەگەر- گریمان- کەسێکی ئەهلی سوننە توشی بیدعەیەك ببێت بە نەزانی ئەوە نابێت خەڵکی لێ تێ بگەیەنیت و لای خەڵکی باسی بکەیت بەڵکو پێویستە ئامۆژگاری بکرێت بە تەنها لە لایەن کەسانی دڵسۆزی بە ئەدەبی خاوەن عیلم، وە ئینکاری لە بیدعەکەی بکرێت بە

ناڕاستەوخۆ واتە ناوی كەسەكە نەهێنێت وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموی:

(من رغب عن سنتي فليس مني)(٩).

جا كە تێكڕای موسڵمانان ئەو حەقەیان هەبێت، ئەوا بانگەوازكاران و خاوەن زانستە شەرعیەكان (أهل العلم)(١٠) زیاتر شایستەی ئەو حەقەن و زیاتر مافیان لەسەر تێكڕای موسڵمانان هەیەو پێویستە زیاتر ڕێزیان لێ بگیرێت و گومانی باشیان پێ ببرێت و باوەڕ بە قسەو قسەلۆكی ناحەزانیان نەكرێت وڕیگا بەكەس نەدرێت غەیبەتیان بكات. بەڵگەی تایبەتیش لەسەر ئەم تایبەت مەندێتیە:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

**( أقيلوا ذوي الهيآت عثراتهم إلا الحدود)**(١١).

واتە: چاوپۆشی و لێبوردنتان ببێ لە پێ خلیسكان و بەهەڵەداچونی ڕێزداران، تەنها لەو شتانەدا نەبێت كەسنوریان(حەدیان) لەسەرە .

واتە: ئەو كەسانەی كە ڕێزیان لێ دەگیرێ و كەسایەتیان هەیە لەناو خەڵكیدا ، ئەوە ڕێزێكی تایبەتیان بۆ دابنێن بەشێوەیەكی وەها كە ئەگەر توشی هەڵەیەك یان تاوانێك و پێ خلیسكانێكیش بوو، ئەوا پێویستە لەسەرتان ببورن لەهەڵەكەیان وچاو پۆشی و بێدەنگی لێ بكەن و بۆی بپۆشن، نەك بچن سەر زەنشتی بكەن و هەڵوێستی بەرامبەر وەربگرن !! كەواتە هەركەسێك لەوكەسایەتیە ڕێزدارانەی كۆمەڵگا ـ وەبەتایبەتیش ئەگەر ئەهلی تەقوا بێت و سومعەی پارێزراو بێت و بەچاكە ناسرابێت، ئەوا پێویستە ڕێزی تایبەتی لێ بگیرێ بەم شێوەیە:

أ ـ عەیبەكەی بپۆشرێت .

ب ـ چاوپۆشی لێ بكرێت و لێ بووردنی لێ بكرێت.

ج ـ سەرزەنشت نەكرێت و گلەیی لێ نەكرێن. بەڵكو بەشێوازێكی نەرم و ڕێزدارانە، ئامۆژگاری بكرێت ناراستەوخۆ، **بۆئەوەی سومعەی ڕێزداران نەشكێت و**

---

(٩) (صحيح الجامع الصغير: ٢/٤٩٤٦).

(١٠) مەبەست بە زانایان ومامۆستایان ئەهلی سوننەتن كە لەسەر سوننەت پەروەردەبوون و ژیانیان تەرخان كردووە بۆخزمەتی قورئان وسوننەت نەك ئەو پێشەوا گومڕایانەی كە ئەهلی شوبهەو بیدعەن.

(١١) رواه ابو داود ( ٤٣٧٥) وأحمد في المسند (١٨/٦) ، الصحيحة (٦٣٨) بڕوانە: (بدائع الفوائد) ١٣٨/٣ ابن القيم .

خەڵکی بێ شەرم نەبێت بەرامبەریان و ئەوانیش زیاتر توشی هەڵەنەبن .

وەبەتایبەتیش ئەگەر ئەم کەسە بەباش ناسراوە مامۆستایەکی ئایینی بانگەواز کارێك بێت بۆ ڕێبازی پێغەمبەران ئەوا حەرامە بێ ڕێزی بەرامبەر بکرێت و، باسی عەیبەکانی بکرێت، وە پێویستە چاکەکانی لای خەڵك باس بکرێت، ئەمەش تەنها لەبەر خاتری خۆی نا، بەڵکو لەبەر خاتری دینەکە چونکە خەڵکی بەباش ناسیویانەو دینی لێ وەردەگرن. جا کە بەهۆی زەللەیەکەوە بشکێنرێت لەدڵی خۆشەویستانی ئەو، ئەوە زەرەرە بۆ دەعوە و بانگەوازەکە، وەلەمەودوا حەقی لێ وەرناگرن و خەڵکی توشی بێ ئومێدی و گومان دەبن لە هەموو بانگەوازکارێك، وە بەمەش دەعوەی حەق لاواز دەبێت و خەڵکی ناچار ڕوودەکەنە ئەهلی بیدعە، یا واز لەهەموو لایەك دەهێنن.

## چاوپۆشی نەکردن لە زەللەی بانگەوازکارانێك کە لەسەر سوننەت ڕۆیشتوون چەندەها زیان و مەفسەدەی لێ دەکەوێتەوە:

١. ئەوکەسەی زەللەکە ناپۆشێت خۆی توشی گوناه دەبێت چونکە: بێ شەرعی کردو لەفەرمانەکەی پێغەمبەر (ﷺ) (أقيلوا...) لایدا.

٢.وە هەروەها ستەمیشی کرد لەبانگەوازکارەکە " چونکە بە عەدل مامەڵەی نەکردو تەنها بە چاوی ناڕەزایی سەیری کردەوەکانی کردو لە هەڵە زیاتری نەبینی، وە سەیری ئەو چاکانەی نەکرد کە ئەو بانگەوازکارە پێشکەشی کردووە ئەو هەموو ماندوو بوونە— کە کردوویەتی — خوا لێی قەبوڵ بکات ــ.

٣. وەهەروەها لە لایەکی تریشەوە لەبەرئەوە تاوانبار دەبێت کە دەبێت بەهۆی ئەوەی لەوانەیە بانگەوازکارەکە توشی بێ تاقەتی و بێ ئومێدی بێت وبیر لەوە بکاتەوە کە لەمەودوا هیچی تر خۆی ماندوو نەکات لەگەڵ کەسانێکی تری وەکو ئەوان کە دوای دڵسۆزیەکی زۆر لەگەڵیان، سپڵە دەرچوون لەگەڵی و

لەجیاتی پۆشینی زەللەیەکی دەهۆڵی بۆ لێ دەدەن و غەیبەتی دەکەن و بەدوای هەڵەکانیان دەگەڕێن و هەوڵی شکاندنی دەدەن. هەروەکو ئەوەی باوکیانی کوشتبێت! (١٢).

٤. وە هەروەها لەمەودواش خەڵکی توشی گومان دەبن و حەقی لێ وەرناگرن و زەرەرە بۆ دەعوەکەش و بۆ خەڵکیش.

**٥. خەڵکی ڕوو دەکەنە ئەهلی بیدعەو لەوان دین وەردەگرن و بیدعە شوێن سوننە دەگرێتەوە.**

**٦. سومعەی ڕێزداران دەشکێت و خەڵکی بێ شەرم ئەبن بەرامبەریان.**

## پێویستە گومانی باش ببەین بە زانایان و مامۆستایانی سەلەفی وە عوزریان بۆ بهێنینەوە

پێویستە لە سەرمان کاتێک دیاردەیەکی سەیر دەبینین لە ئەهلی عیلم – گومانی باشیان پێ ببەین وە عوزریان بۆ بهێنینەوە، نەك بە هەڵەی دابنێین و خێرا بیکەین بە خاڵێکی لاواز لەم کەسەداو لە هەموو شوێنێك باسی بکەین، وەخوای گەورەش ئەم ئەدەبەی فێرکردوین:

(لَّولآ إِذْ سَمعتموه ظَن الْمؤمنونَ والْمؤمنات بِأَنفُسِهم خيراً وقَالُواْ هَذَآ إِفْك مبِين) النور

واتە: ئەی ئەوکەسانەی کاتێك باسی بوهتانی عائیشەی دایکی موسڵمانانتان بیست بۆچی گومانی باشتان پێ نەبرد، هەروەکو چۆن بڕواداران گومانی باش بە خۆیان دەبەن و خۆیان لەوجۆرە هەڵەو تاوانانە بە دور و پاك دەزانن، کەوابو چۆن دایکی موسڵمانانیشیان بە دوورو بەپاك دانەنا، وەگومانی باشیشیان بەو

---

(١١) شێخ صالح آل الشيخ لەم بارەیەوە فەرمویەتی: ومن حقوق الأخوة: أن تسكت عن ذكر العيوب؛ لأن الأخوة الخاصة تقتضي تطلع منه على أشياء؛ يقول كلمة أو يتصرف تصرفا... ما معنى الخاصة إلا أن تكون مؤتمناً على ما رأيت مؤتمنا على ما سمعت، وإلا فليس ثَم إذن إخوان صدق، ولا إخوان يحفظون المرء في حضوره وفي غيبته، مما حدا ببعض الناس لما رأى زمنه خلا من هذا الصديق، وهذا المحب الذي يحفظ عرضه، ويكون وفيا هداه أن ألّف كتابا وسماه : " **تفضيل الكلاب على كثير ممن لبس الثياب**" لأنه وجد الكلب إذا أحسن إليه من رباه، يكون وفيا له، حتى يبذل دمه من أجل من أحسن إليه، فقال تفضيل الكلاب على كثير ممن لبس الثياب، لأن كثيرين يخونون، يخالط مخالطة خاصة، ويطلع على أشياء خاصة، ثم ما يلبث أن يبثها، وأن يذكر العيوب التي رأى، وأن يفضحه بأشياء لو كان ذاك يعلم أنه سيخبر عنه لعده عدوا،ولم يعده حبيبا موافيا!

نـــەبرد ونـــەیان وت ئەمـــە بوهتـــانێکی ئاشکراو ڕوونە؟!.

ئـــــەمڕۆش کەســـــانێك غەیبــــەتی مامۆســـتایانی ســـەلەفی دەکـــەن کـــە بەدەیـــەکی ئـــەوان هـــەوڵیان نـــەداوە بـــۆ دینەکەی خوا – زاهیری – وە هەندێکیان (عــین و حــاء) لــە یــەك جیاناکەنــەوە، **وەهەنــدێکیان شــەوو ڕۆژیــان بــۆ پــارە پەیداکردن سەرف دەکەن بەڵام لایان وایە کە مامۆستاکان لایان داوە!!**

١–ئیمام ئەبو قیلابە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی:

**(** إذا بلغك عن أخيك شــيءٌ تكرهــه فالتمس له العذر جهدك، فان لم تجد له عذرا فقل في نفسك: لعل لأخي عذرا لا أعلمه**)** الحلية (٢٨٥/٢) .

واتە: ئەگـەر شـتێکت پـێ گەیـشت لـە برایەکتـەوە کـە پێـت نـاخوش بـوو ئـەوە عوزری بۆ بهێنەوە ئەوەنـدەی دەتـوانی . وەکە نەتتوانی هـیچ جـۆرە عـوزرێکی بـۆ دابنێیـت و دیاردەکـە تەفـسیر بکـەیت بـە تەفسیرێکی باش ئەوە لە دڵی خۆتدا بڵـێ لەوانەیە عوزرێکی هەبێت من نەیزانم! .

٢–وە(السبکی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی:

**(** فإذا كان الرجل مشهودا له بالإيمــان والإستقامة فلا ينبغي أن يحمل كلامه وألفاظ كتاباته على غير ما تعود منه، ومن أمثالــه، بل ينبغي التأويل الــصالح وحــسن الظــن الواجب به وبأمثاله **)** قاعدة الجرح والتعديل:٩٣ .

واتە: ئەگەر پیاوێکی شاهیدی ئیمان و ئیـستیقامەی بـۆ درابـوو، واتـە لـەلایان موسـڵمانان بـەباش دادەنـرا، ئـەوە نابـێ قـسەو نوسـراوەکانی لێـك بدرێنــەوە بـە پێـچەوانەی ئـەو مەنهەجـەی کـە لێیـەوە ناسـراوە. بـەڵکو پێویـستە لێـك دانـەوەی باشـی بـۆ بکرێـت و گومـانی چـاکی پـێ ببرێـت کەشـیاوی خـۆی و هـاو وێنـەکانی خۆی بێت.

٣-الذهبي فەرمویەتی:

**((** ونحب السنة وأهلها ونحب العالم على ما فيه من الإتباع والصفات الحميدة، ولا نحب ما ابتدع فيه بتأويل سائغ، <u>وإنما العبرة بكثرة المحاسن</u> **))**.

**(** ولو أن كل من اخطأ في اجتهاده مــع صحة إيمانه، وتوّخيه لإتباع الحق أهــدرناه

وبدعناه، لقل من يسلم من ألائمـة معنـا، رحم الله الجميع بمنه وكرمه **)**

السير (٣٧٤/١٤).

واتە: ئەگەر هەرکەس کەوتە هەڵەوە لە ئیجتیهادو بۆچونەکەیدا بەمەرجێ ئیمانی ڕاست بێت و بگەڕێت بە شوێن حەقدا — جا هەریەکێ لەمانە توشی هەڵە بوو ئێمە زەڕبی سفری بکەین و بە گومڕاو موبتەدیعی دابنێین، ئەوە کەم واهەیە لەئیمامە گەورەکانیش نەجاتیان بێت و بەسەلامەتی دەربچن!، بەم پێیە دەبێ واز لەهەمویان بێنین ئەگەر بەم ناویژدانیەوە سەیری زانایانی ئەهلی سوننە بکەین .

٤—ابن القيم فەرمویەتی:

**((** ومن له علم بالشرع والواقع يعلم قطعا أن الرجل الجليل الذي له في الإسلام قدم صالح وآثار حسنة، وهو من الإسلام وأهله بمكان وقد تكون منه الهفوة والزلة هو فيها معذور بل مأجور لاجتهاده، فلا يجوز أن يتبع فيها، ولا يجوز أن تهدر مكانته وإمامته في قلـوب المسلمين **))** إعلام الموقعين (٢٨٣/٣) .

واتــە: هەرکەس زانیاری هەبێت بەشەرع و واقیع چاك دەزانیت کە گشت پیاوێکی مەزن لە ئیسلامدا جێ پێی باش و، بەرهەم و شوێنەواری چاکی هەیەو شوێن پێی دیارە لەچاکەداو پیاوێکی ڕێزدارە، بەڵام جاری واهەیە پێ خلیسکان و هەڵەی وای دەبێت کە ئەو تیایدا خاوەن عوزرەو بەڵکو خاوەن پاداشتیشە لە سەر هەوڵدانەکەی .

بەڵام نابێت خەڵکی شوێنی بکەون لە هەڵەکەیدا. وە ناشبێت پلەو پایەو مەنزیلەتی بروشێنرێت و برمێندرێت لە دڵی موسڵماناندا، واتە نابێت بەخراپە باس بکرێت و بشکێنرێت.

٥—وە ئیمامی زەهەبی فەرمویەتی: ئەگەر مامۆستایەکی سوننی بەهەڵە توشی بیدعەش بوو ئەوە:

**(**يغفر له زلّله، ولا نضلله ونطرحه وننسى محاسنه، نعم ولا نقتدي به في بدعته وخطئه ونرجو له التوبة في ذلك **))** السير (٢٧١/٥).

کەواتە ئەمەی ڕابردوو بنچینەیەکی شەرعی بوو، بەڵام هەندێ لە گەنجەکان لێی بێ ئاگان، وەبێ ویژدانانە مامەڵە دەکەن لەگەڵ مامۆستا سەلەفیەکان، وەزەرەرو فەسادی زۆریان بڵاوکردۆتەوە ((ويحسبون أنهم يحسنون صنعا)).

٦-الشاطبي فەرمويەتی:

**(**لا ينبغي أن ينسب صاحبها - أي صاحب الزلة - إلى التقصير، ولا أن يشنع عليه بها، ولا ينتقص من أجلها، أو يعتقد فيه المخالفة بحتا، فان هذا كله خلاف ما تقتضيه رتبته في الدين ) الموافقات (١٧٠/٤-١٧١) .

**واتە: نابێت خاوەن زەللە بەكەم تەرخەم دابنرێت، وەنابێت هجوم بكرێتە سەری بەهوی ئەو زەللەیە، وە نە لەڕێزی كەم بكرێتەوە بەهوی ئەوە، یان بەردەوام گومانی هەڵەی پێ ببرێت! . ئەم جۆرە مامەڵە كردنە پێچەوانەی ئەو ڕێزەیەكە پلەوپایەكەی لە دیندا پێویستی كردووە لەسەر موسڵمانان.**

**پێویستە گوێ نەگرین بۆ كەسێك كە بەهۆی حەسادەتێكەوە یان حیقدو ناكۆكی یەكەوە ڕەخنەو عەیب دەگرێت لە كەسێك كە لەسەر سوننەتەو چاكەكانی زیاترن لە خراپەكان، وەئەو كەسانەی مەدحی دەكەن زیاتر وپلە بەرزترن لەوانەی زەمی دەكەن:**

زانایان لەم بارەیەوە فەرمویانە:

١–ئیمام ئەحمەد فەرمویەتی:

( اعلموا رحمكم الله أن الرجل من أهل العلم إذا منحه الله تعالى شيئا من العلم وحرمه قرناؤه وأشكاله حسدوه فرموه بما ليس فيه).

واتە: بزانن ڕەحمەتی خواتان لێ بێت كەكاتێك خوای گەورە شتێك لە زانست ببەخشێ بە یەكێ لە ئەهلی عیلم كە بە هاوتەمەنەكانی ئەوی نەبەخشیبێ، ئەوە حەسودی پێ دەبەن و بوهتانی بۆ دەكەن! ! .

٢-الإمام الذهبي فەرمویەتی:

**((** كلام الأقران إذا تبرهن انه بهوى وعصبية لا يلتفت إليه، بل يطوى ولا يروى... ، لتصفو القلوب **))**

**((** وكلام الأقران في بعض لا يعبأ به، لاسيما إذا لاح لك انه لعداوة أو لمذهب أو لحسد ولا ينجو منه إلا من عصمه الله...**))**.

سير أعلام النبلاء.

**دروست نی یە حوكمی تاوانباری و بیدعە بدرێت بەسەر هیچ كەسێ لە زانایان و پێشەوایانی ئەهلی سوننە بە هۆی ئەوەی كە لە بۆچونێكدا بە هەڵەدا چوبێت**

**كەواتە دروست نی‌یە حوكمی تاوان باری و بیدعەو لەسوننەت دەرچوون**

**بدرێت بەسەر هیچ کەسێك لە زانایان و پێشەوایانی ئەهلی سوننە بە هۆی ئەوەی کە لە بۆچونێکدا بە هەڵە داچوبێت جا بۆچونە هەڵەکەی لەبواری بیروباوەڕو عەقیدەوە بێت یا لەبواری عیبادەت و موعامەلات و حەلاڵ و حەرام، چونکە ئەو کەسە تەنها مەبەستی حەق بووەو بەدواشیدا گەڕاوەو خۆی ماندو کردوە لە دۆزینەوەی حەقدا بەلاّم تواناکەی ئەوەندە بووە لەو مەسەلەیەدا کەواتە پاداشتیشی هەیە لەسەر خۆماندوکردنەکەی لەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی حەق. کەواتە چۆن دەوترێت فاسق بووە یان بۆتە موبتەدیع یان حیزبی؟!.**

وە ئەو بنچینەیەش لەبنچینە مەزنەکانی ئەهلی سوننەیەو هیچ کام لەزانایانی موسوڵمانان لەم قاعیدەیە لای نەداوە، بەڵکو تەنها ئەهلی بیدعە لەم قاعیدەیە لایان داوە.

کەواتە ئەو کەسەی مامۆستایەکی سەلەفی لەکەدار دەکات و غەیبەتی دەکات و دەیشکێنێت لە ناو خەڵکی ئەوە دوو حاڵەتی هەیە:

١-یان دڵ نەخۆشەو حەسودی پێ دەبات. وە وا دەزانێ کە شیفای دڵەکەی لەوەدایە براکە بشکێت! ئەو کەسە پێویستە تۆبە بکات ئەگینا خوای گەورە سوکی دەکات.

٢-وە یان جاهیلەو تەواو لە مەنهەجی سەلەفی حاڵی نەبووە" لەبەر ئەوە وادەزانێت کە مامۆستایان هەر هەڵەیەك بکەن پێی دەردەچن لە بازنەی سەلەفیەت و غەیبەت کردن و شکاندنیان حەلاڵ و پێویست دەبێت! ئەم بۆچونەشیان نیشانەی جەهالەتی‌یانە، وە پێویستە مەنهەجی سەلەفی بە ڕاستی تێ بگەن جا لەبەر ئەوە هەڵەکەیان بۆ ڕاست دەکەینەوە بەم ڕوونکردنەوەیە:

**قاعدة سلفية:(١٣)**

**لا يُبَدَّع أحدٌ من أهل السنة أو يحكم عليه بخروجه من دائرة أهل السنة بمجرد خطئِه في الاجتهاد:**

لا يحكم على أحد من أهل السنة ونظارهم أو حكامهم بأنه مبتدع أو خارج عن أهل السنة والجماعة، بسبب خطئه في

(١٣) من كتاب (موقف أهل السنة والجماعة من أهل الأهواء والبدع) الشيخ الدكتورابراهيم الرحيلي.

الاجتهاد سواء كان ذلك الاجتهاد في مسالة من مسائل العقيدة و التوحيد، أو في مسائل الحلال والحرام مما كثر فيه الاختلاف بـين علماء الأمة لأنه إنما قصد الحق وطلبه، وهذا الذي أداه اليه اجتهاده، فهو معذور في ذلك بل مأجور على اجتـهاده، فكيـف يقـال بتبديعه أو تفسيقه...)) .

واته: هيچ كەسێك – سادە بێت یان بانگەوازكار ومامۆستا، یان فەرمان ڕەوا – لە ئەهلی سوننە، نابێت بەبیدعەكار دابنرێت، یان بخرێتە دەرەوەی بازنەی ئەهلی سوننە، بەهۆی هەڵەیەك كە بە ئیجتیهاد دەیكات، ئینجا جیاوازی نیيە ئەو ئیجتهادە لەبواری عەقیدەو تەوحید بێت، یان لە بوای حەڵاڵ وحەرام بێت، كە ئەم بوارەیان ئیختلافی زۆری زانایانی تێدا بەدی دەكرێت· چونكە ئەو مەبەستی حەق بووەو هەوڵیشی داوە بۆئەوەی چی حەقە لە حەڵاڵ و حەرام پێی بگات، بەڵام توانای تەنها ئەوەندە بوو، وە لەوە زیاتری نەزانی، جا لەبەر ئەوە ئەو كەسە عوزری خۆی هەیەو لێی قەبوڵ دەكرێت و تاوانبار نابێت، بەڵكو پاداشتیشی هەیە لەلای پەروەردگار لە سەر ئیجتیهادو ماندو بونەكەی، جا چۆن دەوترێت بۆتە موبتەدیع یان فاسق!.

((...وهذه المسألة من المسائل العظيمة التي يقررها اهل السنة ولم يخالف في احد من علماء المسلمين المعتد باقوالهم، وانما خالف فيها اهل البدع، من الخوارج والمعتزلة ومن تأثر او انخدع باقوالهم من عوام المسلمين...))

واتە: وە زانایانی ئەهلی سوننە ئەو مەسەلەیەیان بە مەسەلەیەكی گەورەو بنەمایەكی گرنگ داناوەو هەمویان لەسەری هاوڕاو هاودەنگن· وە هیچ زانایەك كە حیساب بۆ قسەكانی بكرێ لای نەداوە لەم مەسەلەیە، بەڵكو تەنها ئەوانە لایان داوە كە موبتەدیعن لە خەواریج و موعتەزیلەكان و ئەو موسڵمانە ساویلكانەش كە خەڵەتاون پێیان·

وە ئەو بنەمایە بۆتە خاڵێكی جیاوازیكار لە نێوان ئەهلی سوننەو ئەهلی بیدەع" چونكە ئەوان بەپەلەن لە بەهەڵەدانانی زانایان و فاسق كردنیان بەئیجتیهادێكی بچوك كەتیایدا ڕاستیان نەپێكابێ·

((...وقد دلت الأدلة من الكتاب والسنة وأقوال سلف الأمة على هذه المسألة وان المسلم يعذر بجهله وخطئه ونسيانه، وانه غير مؤاخذ بكل ذلك، اذا قصد الخير وطلب الحق .

وە ئەم بنەما گرنگە هەڵقوڵاوەو سەرچاوەی گرتوە لە چەندین بەڵگەی قورئان وسوننەت و وتەی بەنرخی پێشینەی ئەم ئوممەتە·

قال شيخ الاسلام ابن تيمية – رحمه الله -: (( فدلت هذه النصوص على انه لايكلف نفسا ما تعجز عنه، خلافا للجهمية المجبرة، ودلت على انه لا يؤاخذ المخحطيء والناسي خلافا للقدرية والمعتزلة . وهذا فصل الخطاب في هذا الباب، فالمجتهد من امام وحاكم وعالم وناظر ومفت وغير ذلك؛ اذا اجتهد واستدل فاتقى الله مااستطاع كان هذا هو الذي كلفه الله اياه، وهو مطيع لله مستحق للثواب اذا اتقاه مااستطاع ولا يعاقبه الله البتة خلافا للجهمية المجبرة )).

فدلت هذه الآيات والأحاديث على ان الله لا يكلف العبد ما لايطيق وانه لا يؤاخذه بالجهل والخطأ اذا قصد الخير واتقى الله مهما كان الخطأ كبيرا ويتعلق بمسائل التوحيد والعقيدة .

وكذلك أقوال السلف وافعالهم: دلت على عذر بعضهم بعضا في اجتهاداتهم، ولم يبدع أو يفسق بعضهم بعضا مع اختلافهم في مسائل عظيمة فكانوا لا يذكرون بعضهم إلا بخير مع استغفار كل واحد منهم لأخيه، وهذا من عظيم فقههم رضوان الله تعالى عليهم اجمعين .

**فاذا تقررهذا الأصل العظيم** بما تقدم ذكره من الادلة ، واقوال سلف الأمة :

وهو ان العالم اذا اجتهد فاخطأ انه معذورفي خطأه مأجور على اجتهاده، سواء كان ذلك الاجتهاد في مسألة علمية كمسائل التوحيد والاعتقاد او مسألة عملية كمسائل الحلال والحرام - **وجب الوقوف عنده والالتزام به وتطبيقه** في **حياتنا اليوم وعدم التعرض لاحد من العلماء او طلاب العلم** المعروفين **بسلامة العقيدة والمتابعة لهدي سلف الأمة الصالح من التأثيم أو التفسيق او التبديع** بمجرد قول أداهم اله اجتهادهم في مسالة شرعية مادام ان الخلاف في تلك المسالة سائغ والاجتهاد فيها مقبول .

فمن خالف هذا المنهج بتأثيم أحد من العلماء بسبب خطئهم في مثل هذه المسائل فقد خرج عن منهج اهل السنة في هذا الباب، ووافق اهل البدع – من حيث لا يدري او لا يدري – فان اهل البدع هم الذين يؤثمون المخالف لهم بل قد يكفرونه بمجرد المخالفة – على ما ياتي بيان ذلك عند الحديث عن سمات اهل البدع وصفاتهم .

واتە: شيخ الاسلام ابن تيميە– ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرمویەتی: (ئەم ئایەتانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پەروردگار تەکلیفی لەسەر کەس دانەناوە کەشتێك لە توانایدا نەبێ... وە هەروەها ئەم ئایەت وحەدیسانە ڕێنومایمان دەکەن کە پەروەردگار تەکلیفی دانەناوە لەسەر کەس بەشتێك کە لەتوانایدا نەبێت. وە هەروەها جەهل وهەڵەش عوزرن و ئەگەر ئەو کەسە مەبەستی خێر بێت وتەقوای خوا بکات تێیدا، بائەو هەڵەیەی کردوشیەتی زۆر گەورە بێت وپەیوەندیشی بەعەقیدەو تەوحیدەوە هەبێت ٠

وە بەهەمان شێوە ووتە بەنرخەکانی زانایانی سەلەف، هەموویان نیشانمان دەدەن کە ئەوان عوزریان بۆ یەکتری دەهێنایەوە لە بۆچونە لێك جیاکانیان، وە یەکتریان باس نەدەکرد تەنها بەخێر نەبێت، وە یەکتریان بە بیدعەکار وفاسق لە قەڵەم نەدەدا، هەرچەندە کە ئیختیلافیشیان هەبوو لە مەسەلەی گەورەشدا. وە داوای لێخۆشبونیان بۆ یەکتری دەکرد. کەئەمەش نیشانەی زانایی وتێگەیشتن وبیرفراوانی ئەوانە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

جا دوای ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە تێگەیشتن، وە زانیمان کە ئەمە بنەمایەکی گرنگە لە مەنهەجی سەلەف ئەوە پێویستە بوەستین لای ئەم بنچینە گرنگەو دەستی پێوە بگرین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا جێبەجێی بکەین و لێ ی دەرنەچین و نەچین حوکمی موبتەدیعی و فاسق بوون و تاوانباری بدەین بەسەر هیچ یەکێ لە زانایان وقوتابیانی عیلم کە ناسراون بە عەقیدەیەکی سەلەفی پاك وشوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) تەنها لەبەر بۆچونێك یان وتەیەکی لێوە

دەرچوە بە هۆی ئیجتیهادێکەوە لە مەسەلەیەکی شەرعی مادام ئیجتیهاد لەو مەسەلەیەدا مەجالی تێدایەو بەڵگەی ڕاست و ئاشکراو تایبەت نییە لە سەری.

کەواتە هەرکەسێ موخالەفەی ئەم بنچینەیە بکات و جێ بەجێی نەکات لەژیانی ڕۆژانەدا، ئەوە موافەقەی ئەهلی بیدعەی کردووە جا خۆی هەست بکات یان نا ئەگەرچی ئیددیعای ئەوەش بکات کە دیفاع لە مەنهەج دەکات. چونکە لای داوە لە مەنهەجی سەلەف، وە خووی ئەهلی بیدعەو سیفاتی ئەوانی گرتوە لە مامەڵەو ڕەفتاردا بەرامبەر بەو کەسە کە توشی هەڵە دەبێ، چونکە لای ئەهلی بیدعە هەرکەسێ موخالەفە بکات حوکمی تاوانباری و بیدعەو – هەندێ جار کوفریشی– بە سەردا دەدەن.

**پرسیار**: لە کۆتاییدا پێویستە هەڵوێستمان چۆن بێت بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خۆیان بە سەلەفی دادەنێن بەلاّم پاڵنەری حەسادەت، یان تەواو حاڵی نەبون لە مەنهەجی سەلەف پاڵیان پێوە دەنێ بۆ شکاندنی مامۆستایانی سەلەفی لەلای خەڵکی؟

**وەڵامی** ئەم پرسیارە وەردەگرینەوە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە ئیمامی بوخاری لە [صحيح البخاري](١٤) دا بۆی گێڕاوینەتەوە:

باب أعن أخاك ظالما أو مظلوما

**(واتە: بابەتێك باسی: یارمەتی و کۆمەکی براکەت بکە، کە ستەمکار بوو دەستی بگرەو مەنعی بکە، وە کە ستەم لێکراویش بوو ڕزگاری بکەو یارمەتی بدە بەسەر ستەمکاردا )**

٢٣١١ - ٢٣١٢ - حدثنا عثمان بن أبي شيبة حدثنا هشيم أخبرنا عبيد الله ابن أبي بكر بن أنس وحميد الطويل سمع أنس بن مالك(رضي الله عنه) يقول: قال رسول الله(ﷺ):

**( انصر أخاك ظالما أو مظلوما .)**

٢٣١٢ - حدثنا مسدد حدثنا معتمر عن حميد عن أنس(رضي الله عنه): قال رسول الله(ﷺ): **( انصر أخاك ظالما أو مظلوما ). قالوا يا رسول الله هذا ننصره مظلوما فكيف ننصره ظالما؟ قال ( تأخذ فوق يديه)** [ 6552][ش **( تأخذ فوق يديه )** تمنعه من الظلم ](15)

(١٤) صحيح البخاري: ( ٢/ ٨٦٣ ).

(١٥) الشرح: قال المناوي (فيض القدير): ( انصر أخاك

## ٦ - باب نصر المظلوم[١٦]

**( واتە : بابەتێك باسی : سەرخستنی ستەم لێكراو بەسەر ستەمكاردا )**

٢٣١٣ - حدثنا سعيد بن الربيع حدثنا شعبة عن الأشعث بن سليم قال سمعت معاوية بن سويد سمعت البراء بن عازب(رضي الله عنه) قال: أمرنا النبي(صلى الله عليه وسلم) بسبع ونهانا عن سبع فذكر ( عيادة المريض واتباع الجنائز وتشميت العاطس ورد السلام **ونصر المظلوم** وإجابة الداعي وإبرار المقسم).

٢٣١٤ - حدثنا محمد بن العلاء حدثنا أبو أسامة عن بريد عن أبي بردة عن أبي موسى(رضي الله عنه) عن النبي(صلى الله عليه وسلم) قال ( **المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا** ) . وشبك بين أصابعه

## ٧ - باب الانتصار من الظالم

**( واتە : بابەتێك باسی : تۆڵە سەندنەوە لە ستەمكار )**

لقوله جل ذكره {لا يحب الله الجهر بالسوء من القول إلا من ظلم وكان الله سميعا عليما}النساء/١٤٨.{ والذين إذا أصابهم البغي هم ينتصرون } / الشورى ٣٩ / . قال إبراهيم كانوا يكرهون أن يستذلوا فإذا قدروا عفوا[١٧].

---

في رواية أعن أخاك في الدين ( ظالما ) بمنعه الظلم من تسمية الشيء بما يؤول إليه وهو من وجيز البلاغة ( أو مظلوما ) **بإعانته على ظالمه وتخليصه منه** ( قيل ) يعني قال أنس: (كيف أنصره ظالما ) يا رسول الله ( قال: تحجزه عن الظلم) **أي تمنعه منه وتحول بينه وبينه** ( فإن ذلك ) أي منعه منه ( نصرة ) له أي منعك إياه من الظلم نصرك إياه على شيطانه الذي يغويه وعلى نفسه الأمارة بالسوء لأنه لو ترك على ظلمه جره إلى الاقتصاص منه فمنعه من وجوب القود نصرة له وهذا من قبيل الحكم للشيء وتسميته بما يؤول إليه وهو من عجيب الفصاحة ووجيز البلاغة

(١٦) قال ابن حجر: ( **قوله باب نصر المظلوم هو فرض كفاية):** وهو عام في المظلومين وكذلك في الناصرين بناء على أن فرض الكفاية مخاطب به الجميع وهو الراجح ويتعين أحيانا على من له القدرة عليه وحده إذا لم يترتب على إنكاره مفسدة أشد من مفسدة المنكر فلو علم أو غلب على ظنه أنه لا يفيد سقط الوجوب وبقي أصل الاستحباب بالشرط المذكور فلو تساوت المفسدتان تخير وشرط الناصر أن يكون عالما بكون الفعل ظلما ويقع النصر مع وقوع الظلم وهو حينئذ حقيقة وقد يقع قبل وقوعه كمن أنقذ إنسانا من يد إنسان طالبه بمال ظلما وهدده أن لم يبذله وقد يقع بعد وهو كثير.

(١٧) قال ابن حجر: (**قوله باب الإنتصار من الظالم**): لقوله جل ذكره لا يحب الله الجهر بالسوء من القول إلا من ظلم والذين يعني وقوله والذين إذا أصابهم البغي هم ينتصرون أما الآية الأولى فروى الطبري من طريق السدي قال في قوله إلا من ظلم أي فانتصر بمثل ما ظلم به فليس عليه ملام وعن مجاهد إلا من ظلم فانتصر فإن له أن يجهر بالسوء وعنه نزلت في رجل نزل بقوم فلم يضيفوه فرخص له أن يقول فيهم قلت ونزولها في واقعة عين لا يمنع حملها على عمومها وعن بن عباس المراد بالجهر من القول: **الدعاء فرخص للمظلوم أن يدعو على من ظلمه.**

[ ش ( الجهر بالسوء من القول ) الإعلان بالكلام الذي فيه ذكر مساوئ غيره. (مـن ظُلم) اعتدي عليه فلا **يؤاخذ بالإخبار عـن ظلم ظالمه** وذكره بما فيه أو **الدعاء عليه.** ( البغي) الظلـم والاعتـداء. (ينتـصرون) **ينتقمون ممن ظلمهم**]إ.هـ مـن صـحيح البخاري.

وه هـەروەها لـە سـوننەنی ئـەبو داود هاتووە:

**(باب من رد عن مسلم غيبة)**(١٨)

٤٨٨٣ – پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

" من حمى مؤمنا من منافق " أراه قال " بعث الله ملكا يحمي لحمه يوم القيامة من نار جهنم.ومن رمى مسلما بشيء يريد شينه به حبسه الله على جسر جهنم حتى يخرج مما قال"

قال الشيخ الألباني : حسن.

واتە: هەرکەسێ بڕواداری بپارێزێت لە غەیبەتی مونافیقێك، ئەوە خوای گەورە فریشتەیەك دەنێرێت گۆشتەکەی دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ ڕۆژی قیامەت.

وە فەرمویەتی ﷺ:

(مامن امرئٍ يخذل مسلماً في موطن ينتقص فيه من عرضه، وينتهك فيه من حرمته إلا خذله الله في موطن يحب فيه نصرته، وما من امرئٍ ينصر مسلماً في موضع ينتقص فيه من عرضه، وينتهك فيه من حرمته إلا نصره الله في موطن يحب فيه نصرته) (١٩) .

واتە هیچ موسڵمانێك نییە کەبێ هەڵوێست بێت بەرامبەر برایەکی موسڵمانی کەسومعەی دەڕووشێنرێت وحورمەتی دەشکێنرێت، ئەویش بەرگری

---

وأما الآية الثانية فروى الطبري من طريق السدي أيضا في قوله والذين إذا أصابهم البغي هم ينتصرون قال يعني ممن بغى عليهم من غير أن يعتدوا.

وفي الباب حديث أخرجه النسائي وابن ماجة بإسناد **حسن** من طريق التيمي عن عروة **عن عائشة قالت دخلت على زينب بنت جحش فسبتني فردعها النبي صلى الله عليه وسلم فأبت فقال** لي **سبيها فسببتها** حتى **جف ريقها** في **فمها فرأيت وجهه يتهلل.** قوله وقال إبراهيم أي النخعي كانوا أي السلف يكرهون أن يستذلوا: وهذا الأثر وصله عبد بن حميد وبن عيينة في تفسيرهما في تفسير الآية المذكورة.

(١٨) ٤١ - ت / ٣٦ م سنن أبي داود[ ٢/ ٦٨٧ ].

(١٩) أحمد ٣٠/٤ وأبو داود باب من رد عن مسلم غيبة (٤٨٨٣ ) عن جابر وأبي طلحة بن سهل. قال الشيخ الألباني: (حسن ) انظر حديث رقم: ٥٦٩٠ في صحيح الجامع.

لەبراکەی نەکات و سەری نەخات ئەوا خوای گەورە ئەو کەسە سەرناخات و سومعەو ئابرووی ناپارێزێت لەو شوێنەی کە حەزدەکات تێیدا بەرگری لێ بکرێت وسەربخرێت .

وەهەروەها بەپێچەوانەشەوە هەر موسڵمانێك برای موسڵمانی سەربخات لەشوێنێك کەسومعەی دەڕوشێنرێت، ئەوا خوای گەورە ئەو کەسە سەر دەخات و کەرامەتی دەپارێزێت لەو شوێنەدا کەحەزدەکات تیایدا سەربخرێت.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين
اللهم أصلحنا، وأصلح بنا، وأصلح ذات بيننا، وألف بين قلوبنا، واجمع شملنا، وأحسن ختامنا.

إن الذين جاءُوا بِالْإِفْك عصبةٌ منكُم لَا تحسبوه شرا لَكُم بلْ هو خير لَكُم لكُل امرئٍ منهم ما اكْتسب من الْإِثْم والذي تولى كبره منهم لَه عذَاب عظيم (١١) لَولَا إِذْ سمعتموه ظَن الْمؤمنونَ والْمؤمنات بِأَنفُسِهِم خيرا وقَالُوا هذَا إِفْك مبِين (١٢) لَولَا جاءُوا علَيه بِأَربعة شهداءَ فَإِذْ لَم يأتوا بِالشهداءِ فَأُولَئك عند الله هم الْكَاذبونَ (١٣) ولَولَا فَضلُ الله علَيكُم ورحمته في الدنيا والْآخرة لَمسكُم في ما أَفَضتم فيه عذَاب عظيم (١٤) إِذْ تلَقَّونه بِأَلْسِنتكُم وتقُولُونَ بِأَفْواهكُم ما لَيس لَكُم بِه علْم وتحسبونه هينا وهو عند الله عظيم (١٥) ولَولَا إِذْ سمعتموه قُلْتم ما يكُونُ لَنا أَنْ نتكَلَّم بِهذَا سبحانك هذَا بهتانٌ عظيم (١٦) يعظُكُم الله أَنْ تعودوا لمثْله أَبدا إِنْ كُنتم مؤمنِين (١٧) ويبين الله لَكُم الْآيات والله عليم حكيم (١٨) إِن الذين يحبونَ أَنْ تشيع الْفَاحشةُ في الذين آمنوا لَهم عذَاب أَليم في الدنيا والْآخرة والله يعلَم وأَنتم لَا تعلَمونَ (١٩) ولَولَا فَضلُ الله علَيكُم ورحمته وأَن الله رءُوف رحيم (٢٠)